کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14-9-2007 0:19بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**تاکەی دادپەروەریت نەبینین جەنابی وەزیری ناوخۆ!؟ ... شاهۆ**

گومان لەوەدانیە کەپاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەگشتی و دەوروبەری سلێمانی بەتایبەتی لەئەستۆی تەواوی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆدایە، ئەگەر ئێمە کورد بین و خۆمان بەدڵسۆز بزانین ئەبی شانازی بەم ئەرکەوە مێژووییەوە بکەین.. تیرۆریست و تۆڕ و باندە تیرۆریستە تووندڕەوەکان لەهەوڵی بەردەوامدان بۆ دزە کردن و هاتنە ناوەوەی خاکی هەرێمی کوردستان تاکو بەوێنەی ناوچەکانی تری عێراق بارودۆخی ئاسایشی تیا تێکبدەن و خوێنی خەڵکە بی دیفاعەکەی حەڵاڵ بکەن بەوەی ناوچەکە بکەنە گۆڕەپانێکی بەپیتی تاقیکردنەوەی ئوتومبیل و لاشە گۆڕبەگۆڕە بەمینچینراوەکان، ئەو کاتیش کەس لەسەر و سامانی خۆی دڵنیا نابێت و سیمای گشتی گوزەر کردنمان لەم دەڤەرەدا دەبێت بە چیرۆکێکی بەردەوامی ترس و تۆقاندن و خوێنبەربوون، ماوەیەك بەر لەئیستا بەفەرمانی وەزیری ناوخۆ پۆل پۆل ئەفسەر و کارمەندەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ لە پۆلیسی گەرمیان نێردران بۆ ناوچە سنووریەکانی هەرێم لەگەڵ هێڵی ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ تیرۆریستاندا... ئەم هێزانە بەو پەڕی دڵسۆزی و خۆنەویستییەوە بە ئەرکەکانی خۆیان هەستاون و پێشمەرگە ئاسا گیانی خۆیان خستۆتە سەر لەپی دەستیان بۆ بەرقەرار کردنی ئاسایشی هەرێمەکەمان و پاراستنی ئایندەمان.. ئەم ئەرکەش زیاتر لەچوار مانگە بەردەوامە تا ئەوە بوو لەبەرواری 2007/9/11 دا و لەشەڕێکی دەستەوئێخەدا لەگەڵ گروپە تیرۆریستیەکان لە گوندێکی سەر بە قەرەتەپە دوو ئەفسەر شەهید بوون کەیەکێکیان ڕائید کاکە ڕەش بوو بەرپرسی بنکەی پۆلیسی چەمچەماڵ لەگەڵ ملازمێکی تر ئەمە بی لە بریندارکردنی دوانزە پۆلیسی تر، قوربانی و قارەمانێتی ئەم پۆلە ئەفسەر و پۆلیسانە لەکاتێکدایە کەبەداخەوە لە سلێمانی ئەفسەرەکان لەسەرەتاوە بۆ کۆتایی دوورن لە پریشکی ئەم جۆرە ڕووبەڕوبونەوە چارەنوسخوازانە بەڵکە وەك لەنووسینە بەڵگەدارەکانی پێگەکاندا دەرکەوتووە ئەم بەڕێزانە بەتەنها خەریکی سەیران و خواردنەوە و ڕاوە ماسی و پیاسەی ئێوارانی سەهۆڵەکە و شەقامی پیرەمێردن بەئوتومبیلی میرییەوە و لەپەنا حەجەکەدا لەتەڕ دەخۆن و لەووشکی بەر سپلیتدا بۆی دەخەون.. نازانم وەزارەتی ناوخۆ لەجیاتی ئەوەی خۆی سەرقاڵی بەرگریکردن کردووە لە کەم و کوورتییەکانی ئەم ئەفسەرانە و وەڵام دەنێری بۆ پێگەکان بۆچی لەخشتەیەکی عادیلانەدا پۆل پۆل ئەم ئەفسەرانە و کارمەندەکان بۆ ئەو ناوچانە نانێرێت کەتیرۆریستە کورد کوژەکان تەراتێنی تێدا دەکەن!؟.. ئەگەر وەزارەتی ناوخۆ دڵسۆزە بۆ ئەزموونی هەستیاری نەتەوەکەمان با لەجیاتی ئەوەی بەرگری لە سەیران و سەفاو مەرواى بەڕێوبەری پۆلیسی فریاکەوتن بکات بۆ چۆپی گرتنی شای و لۆغانەکانی خزم و کەس و کاری لە خانەقی بە ئوتومبیل و بەنزینی ئەبو شواربەوە بۆ ئەم کەڵە پیاوە بەرگری لە ناوچەکەی خۆی ناکات دژ بەتیرۆریستان!؟ ئەی ئەوە خۆ کاك چەتۆ پلەی عەمیدە کەچی لەگەڵ پۆلیسەکان شەو لەسەنگەرەکاندا ڕۆژ دەکاتەوە عەقید و عەمیدەکانی سلێمانیش هەر هەڵپەی پلە و پایەیانە.... وەزارەتی ناوخۆ لەوەڵامی نووسینەکەی کوردستان نیتی بەڕێزدا دەڵی ئێمە ڕائید دیارمان تەنها یەك جار ناردووە بۆ ئەوروپا!!!.. بەڵام بەداخەوە خەتایان فەرموو خۆشیان باش ئەو ڕاستییە دەزانن... باشە وەزارەتی ناوخۆی بەڕێز هەر ئەم ڕائید دیارە لەگەڵ عقید شێرۆ نەتاننارد بۆ نەمسا بۆ مانگێگ؟؟ ئەی هەر لەگەڵ لیوا جەمالی خانەنشینکراو نەتاننارد بۆ میسر بۆ سەیری ئەهرامەکان؟؟ئەی چەندین کەڕەت لە فرۆکەخانەی سلێمانییەوە بەشاهیدی نقیب قاسم نەتاننارد بۆ ئوردن؟؟ ئەی ئیستا هەموو دوومانگ جاری ناگەڕێتەوە بۆ هۆڵەندا بۆ سەردانی خێزانەکەی، ئەی وەکو بە وەڵامەکانتان چەواشەی خەڵکیتان کرد ئەوە بۆچی ئەمانە جارێك نانێرن بۆ گەرمیان بۆ شەڕی تیرۆریستان!؟؟ یان کاکە دیار بە شەرتی جادەی قیر هاتۆتەوە!؟ بۆچی هەر کاکە ڕەش کوردە و دەبی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خوێنی خۆی بکاتە قوربانی سەقامگیرکردنی ئەمن و ئاسایش!؟؟ بۆ شەهید کاکە ڕەش خێزانی نیە!؟ منداڵی نیە!؟ حەزی نەدەکرد وەکو سالار و دیار و حەمەتایەر و نەوزاد و ئاکۆ و لاوچاك و فریق و ئەمین و کاکە سەرکەوتی بەڕێوبەری نوسینگەی تایبەت لەگەڵ خواپیاوەکان بە ئارامی بژی!؟ ئەم دوو پێوەری و سی پێوەرییە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە لەمامەڵە کردن لەگەڵ ئەفسەر و کارمەندەکانی ئێرە و ئەوی لەو جەور و ستەمە قورس ترە کەلە حەسەن و حسین کرا... ئەو شانۆگەرییەیی دوێنی جەنابی وەکیلی وەزیر پێی هەڵسا گوایا بەکۆمەڵێك ئەفسەر و کارمەندەوە چووە بۆ گەرمیان بۆ ئەوەی شەوێك لەکەلار بیانخەوێنی کەسمان باوەڕمان پێی نیە، ئێمە باوەڕمان بەدانانی خشتەیەك هەیە کە سەرجەم ئەفسەر و کارمەندەکانی سلێمانی بگرێتەوە بۆ بەرگری کردن لەئاسایشی سنوورەکانمان بە وێنەی شێرەکانی پۆلیسی گەرمیان کە قوربانی و خوێن و شەونخونیان لەو ناوچانە تیرۆریستەکانیان زەندەق پی بردووە نەیانهێشتووە لەکونە سەگەکانیان کەللەی پوتیان وەدەربکەن.. ئەمە دڵسۆزییە ئەمە خەباتە بۆ کورد و کوردستان کە پێویستە جیاوازی نەکرێت تیایدا لەنێوان گەرمیانی و کوێستانییەکاندا بیگومان پۆلیس و خەڵکی ناوچەی گەرمیان و سلێمانی و هەموو ناوچەکانی تری کوردستان هەموو برای یەك نەژادی یەکترین و سەردەمێك لەیەك سەنگەردا پێکەوە خەباتیان کردووە دژ بە ستەمکاران چونکە تیرۆریست کە کوردێك دەگری ناپرسی دانیشتوو و خەڵکی کام ناوچە و دەڤەری بەڵکە کوردبوون بەلایەوە مەبەستە تاکو بە شمشێرە ژەنگاوییەکەی دەستی چەپەڵی سەری بپەڕێنی، بۆ دواجار داواکارم لە جەنابی وەزیری ناوخۆ کە ئێمە شانازی بەڕابردوو و کەسایەتی مەزنییەوە دەکەین هەر بۆخاتری مێژوو کە شەرم لەکەس ناکات لەم بەرەنگاربوونەوە چارەنوسخوازەی نێوان کورد و تیرۆریستاندا با جیاوازی نێوان ئەفسەر و کارمەندەکانی ئێرە و ئەوی نەکات چونکە وەك ووتم هەمووومان کوردین پێش ئەوەی هەرشتێکی تر بین..

تێبینی: کوردستان نێت هەندێ برگەی نەشیاوی لەم نووسینەدا سانسۆر کردووە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.